# ڕێوییه بچوکەکەی من

لە نیوەشەودا لە خەو ڕاپەڕیم، دەنگێک دەهات کە لە وەڕینی سەگ دەچوو. هەستام و لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەم کرد. لە خوارەوە لەبەر ڕووناکیی مانگەشەودا، لەسەر بەفرەیەکی پارچە سپییەکان، ڕێوییەک وەستابوو دەیلوراند.

بیستبووم کە کلکێکی درێژی هەیە، لەشی بچووک و دەمی درێژو باریکە. ئەم سیفەتانەی هەموو تێدابوو. بیستبووم کە دەلورێنێت، تاڕادەیەک وەک سەگ.

بەیانیی ئەو شەوە، یەکێک لە هاوڕێکانم پێکەنی و وتی: «خۆزگە لاسایی سەگت دەکردەوە، بەم شێوەیە دەترساو ڕایدیکرد.»

یەکێکی تر وتی: «ئەگەر لایتێکی گەورەی بەهێزت هەبوایەو بتدایە لەناو چاوی، دەتتوانی بە زیندوێتی بیگریت.»

کەسێکی تریش وتی: «دەبوایە تفەنگت هەڵبگرتایەو ڕاوتبکردایە، کلک و پێستەکەی زۆر گرانە.»

بەڵام من حەزمدەکرد ڕێوییەکە سەری بەرزبکاتەوەو بمبینێت کە لەپشت پەنجەرەکەوە سەیریدەکەم و تەنیا بەبینینی زۆر خۆشحاڵبووم.

